# بێدەنگبن.. هەڵەبجە هاتەوە

دەقی: ئیدریس عەلی



فێریانکرد شەوان تا درەنگ بە دیار فیلمی خراپەوە دانیشێ
فێریانکرد ئێواران درەنگ بێتەوە بۆ ماڵ
کە هاتەوە سڵاو لە کەس نەکات
برواتە ژورێکی چۆڵ و
گوێ لە رادیۆ راگرێت.. نوکتەی قۆڕ لەبەر کات
فێریانکرد
بەشەرواڵی کورتەوە بچێت بۆ قوتابخانە
کە رۆشت دەفتەری ئیملای لەبیر چێت
رقی لە مامۆستا بێت و قۆپیە بکات لە ئیمتحانەکاندا..
فێریانکرد
کە بەلای باخچەیەکدا رابورد
لوتی بگرێت،
کە گۆرانیەکی قۆڵ رووتی بینی
سەر دا بخات،
کە لەدوکانی مەشروب فرۆشێکی روانی
هێڵنج بدات..
وایان لێکرد
ئیتر.. دەورێك لە شانۆگەریدا نەبینێ،
ئیتر.. سۆلۆیەك لێنەدات
ئیتر.. تابلۆیەك نەکێشێ
ئیتر.. نەچێتە چاخانەی خاڵەو تاوڵە نەکات
ئیتر.. پشتی برۆی چا نەکات و
تیشێتی تەسك لەبەر نەکات
ئیتر نەچێت بۆ دووگۆڵی
ئیتر.. حەوسەڵەی نەمێنێ
گوێ لە موعاناتی دڵ بگرێ

ئیتر.. كە كچەكەی دراوسێیان بانگی كرد
خۆی مەشغوڵكات بە زنجیری پاڵتۆكەیەوە
ئیتر وایان لێكرد.. كە پیرە ژنەكەی ئەوبەر ناردی بۆ نان
دەستبخاتە گیرفانیەوەو بڵێت:
بەخوا نەخۆشم ناتوانم.
فریویاندا.. فریو بە:
یەومول حساب
بە پرۆسەی ئاوەدانی
بە درووشمی ئاڵ
بەوەعدی شیرین
فریویاندا بە:
گۆڕی شەهیدان
بەوەفای شۆڕش
بەشەرەفی ئازادی
بە تەڵاقی حزب
بەچاوی رەشبین
بەسەری ئایدیا
بەگیانی دین..
سوێندیاندا بە مافی خۆپیشاندان
بەڵام گولەی خۆیان،
بە باخی هەناری گولان
بەڵام مەزەی شەوانی خۆیان،
بەكچە ناسكەكانی نەخۆشخانە
بەڵام ژورە شەهوانیەكانی خۆیان،
سوێندیاندا بە تاریكی ئاسمانی شار
بەلام چراخانی ماڵەكانیان،
بەلیتاوی كۆڵانەكانی رۆحی خۆی
وەلێ كاشیەكانی حەوشەی دڵی خۆیان،
لێنەگەران.. لێنەگەران
ئێوارەیەكی تر

پێکێکی تر
نامەیەکی تر.. بۆ یار بنێرێ
لێنەگەران.. لێنەگەران
گۆرانیەکی تر
عەشقێکی تر
کارتی پیرۆزبایی ساڵێکی تر بۆ یار بنێرێ.
نەیبینی ئیتر دانیشتنی
ژێر هەتاوی عەبابەیلێیەکی تری نەبینی
ئیتر نەچویە دەستی رەشبەڵەکێکی ترەوە
نەیدیت.. ئیتر سێبەری ژێر درەختێکی تری
کانی ئاشقانی نەدیت
کە برسێتی لە ژێریدا رادەکشێو
کەنامۆیی بە لایدا رادەبووریێو
کە مەراق لە پەنایدا ئارەقی نێو چەوانی دەسرێت
لێنەگەڕان و فێریان کرد سیگار بکێشێت
فێریانکرد قومار بکات لەسەر پە نجەرە
شیعر هەراج کات بۆ کرێی خانوو
فێریانکرد.. فێریانکرد
گۆڕاو گۆڕ شوێن سێبەرەکانی خۆی کەوێت
دەستاو دەستیان پێکرد
گۆڕییانەوەو دیل بەدیلی شاریانپێکرد
دەغیلەی مناڵەکانیان پڕکرد لە تلیاك
تەنورەی کچەکانیان هەڵدایەوەو
پڕیانکرد لە بارود
پێچی جامەدانی پیرەکانیان
لە رق پێچا
سەرپۆشی حەزینی ژنەکانیان بەتەمی دیموکراسی دا پۆشت
کێ شارەکەمی وا لێکرد
لە خوێناوی خۆیدا شەهید بێتەوە؟
کێ کۆلانەکەمی هەڵخەڵەتاند

له بێدەنگی خۆیدا بگەوزێت؟
کێ پە نجەرەکانی سەبری شکاندم؟
کێ شەهیدەکانی شەهید کردم؟
کێ شیعرەکا نمی لەشیندا تەوزیف کرد؟
کێ گۆرانیەکا نمی لەژوری ئینفرادی دڵدا زیندانیکرد؟
بمدەنەوە.. شارکەی خۆم بدەنەوە
شارە تەرەکەی ژێر بارانم بدەنەوە
شارە نوکتە بازەکەم
شارە عاشقەکەم
شارە مەستو تەنیاکەم
ئەو شارەم بدەنەوە کە جاران بەدەم یارەوە پێدەکەنی
کە جامادانەکەی شل دەبەستو تا باخی میر بەدەم فیکە لێدانەوە دەچوو
شارەکەم بدەنەوە.. شارە میهرەبانەکەم
شارە نازو گوڵ فرۆشەکەم
ئەو وەختەی پرچی مەراقی
لە ژێر بارانی چاوەڕوانیدا تەڕ دەبوو
شارەکەی خۆم دەوێتەوە
ئەو ەختەی لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانێکدا
بە دەنگی بەرز هوتافی دەکێشا
ئەو دەمەی دەخرۆشاو دڵی وەخت بوو دیق بکات بۆ ئازادی
ئەو کاتەی دەرگای ماڵەکانی تابەیان بۆ شۆڕش والابوو
ئەوکاتەی کولیچەی بە کۆلانێکی عازەبدا دەنارد بۆشاخ